# ئەز داوای گرانکردنی نرخی سووتەمەنی دەکەم

**کەژوان حیسامی**

لە لای ولاّتانی خاوەن ئەزموون و پێگەیشتوو، بە ساڵان و مانگان لە سەر بنەما و هاوکێشەکانی داهاتی گشتی ولاّتەکەیان کاردەکەن و پرۆسەکەش بە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا دەسپێرن هەتا پرۆڤەکانیان ستراتیژیك و سەرکەوتوو بێت و ژێرخانی ئابووری ولاّتەکەیان ببووژێنێتەوە.

لەم بارودۆخەی کوردستاندا کە بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم دەسەلاّتەکانی ناوچەکە، لە رووی ئازادی و ئاسایشەوە بەناوبانگە و ئاوەدانکردنەوەی ولات لە ئاستێکی بەرین و بەربلاّودا بەرچاودەکەوێت، پێویستە حکومەتی کورد لە باشووری ولاّتەکەی ئاوڕێك لە هاوتەرازبوونی باری نرخەکانی سووتەمەنی بداتەوە. بۆ نموونە ئەگەر نەوت و بەنزینی عێراق لە ئێران و سووریا و تورکیای دراوسێی هەرزانتر بێت، ئەوە جیرانەکان سوودمەند دەبن و سووتەمەنی هەرزانیان دەستدەکەوێت، خاوەن سەرچاوەکەش چاوی لە دەستی خەڵك دەبێت، بۆیە پێویستە نرخەکان لە یەك ئاستدا بێت، ئەگەر ئەوهای لێهات، سووتەمەنی لە ولاّتانەوە ناگاتە عێراق و حیسابێکیش بۆ سەرچاوە نەوتییەکانی عێراق دەکەن. ئەڵبەت من خەمخۆری عێراق نیم و عێراق خەمخۆری خۆی هەیە، کەیفی خۆیانە ئاوەدانی دەکەن یان کاولی دەکەن بە ریی خۆیان، بەلاّم بەناچاری تا داهاتی ولاّتەکەم بەو کاولستانەوە گرێ درابێ، دەبێ پریشکەکانی تاکی کوردیش بگرێتەوە، چونکە زۆر بە داخەوە و بە ناچاری بەشێکی کوردستان بە عێراقەوە لکێندراوە و کەرکوکی هەمیشە کوردستانیش نەخراوەتەوە سەر خاکی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا ئەز داوای گرانکردنی نرخی سووتەمەنی دەکەم.

لەوانەیە هاووڵاتییانی ئازیز و خۆشەویستەکانی هەناوی ماندووی پڕ لە سۆزی هاووڵاتییبوونم، لە نێگای یەکەمدا لێم زیز بن و بڵێن ماستاوەکەی خەستە و بەرپرسەکەی مەبەستە!! بەلاّم ئەز لە هەنگاوی یەکەمدا خەڵك و دەسەلاّتی خۆماڵی لە بەرەیەکدا دەبینم و خۆپیشاندانەکانیش ناخەمە خانەی راپەڕین و راماڵین، تەنها ناکۆکی لێك زیزبوونێکی کاتییە و جگە لە خوێن رشتن هەر هەمووی ئاساییە و ئەمە قەتاری عەینییەتە و وێسگەی زۆرە و یەك سەردەکەوێ و یەك دادەبەزێ، بەلاّم لە لاپەڕەکانی مێژوودا دز و جەردە و خیانەتکار و دۆدە لەگەڵ نیشتمانپەروەر و ولاّتپارێز و خاوەن هەڵوێست لێکجیا دەکرێنەوە. لە هەنگاوی دووەمیش دەیسەلمێنم کە ئەم نووسارە دوورە لە ماستاوکردن و خامەی پێشمەرگەیەکی ئەم کوردستانەیە کە جگە لە پایەداری و سایەداری ولاّتەکەی پاداشی کەسی ناوێ.

کە دەڵێم نرخەکانی سووتەمەنی گران بکەن لەبەر ئەوەیە کە هەرزانفرۆش نەکرێ و سوودەکەی نەچێتە گیرفانی خەڵکی بیانی، هاوکات مەبەستیشم ئەوە نییە کە بچێتە گیرفانی ئەو بەرپرسانەی کە ویژدان بەگیرفانن، مەبەستم ئەوەیە نرخی بەنزین و نەوت وەك ولاّتانی دەوروبەر گران بکەن و سوودەکەشی بۆ خەڵك بگەڕێننەوە. ئەگەر فەرمانبەرێك یەك ملیۆن دینار مووچەی مانگانەی بێت پێموایە گوێی لەوە نییە کە (5000) دینار کرێ تاکسی بدات، بۆیە ئەگەر سوودی گرانکردنی نرخی سووتەمەنی لە لایەن دەسەلاّتەوە بە گشتی بۆ خەڵك بگەڕێتەوە و هەموو هاووڵاتییەك لێی سوودمەند بێت، ئەو کات ولاّتانی دیکە ناچارن بە پێی پێویست سووتەمەنیمان لێبکڕن نەك لە بەر هەرزانی نرخەکەی.